دوا هەناسە

دوو شەوو سێ ڕۆژ بوو باو بۆران بەو دەشتە نەگبەتییەدا دەیان سووڕاند. ڕێگەی دەربازبوونی نەبوو. رووی لە هەر لایەك دەكرد هەر دەهاتەوە جێگای دەمێك پێشتری خۆی. بارنە كە بە جۆرێك بوو كە بەر پێی خۆی نەدەدی. با گەردالە بەفری نسارانی لەو دەشتە دەكرد. سەرما كەسیرەی كردبوو. تینی لە لەشی دا نەمابوو. جاروبار بە ناهومێدییەوە بە تفەنگەكەی تەقەیەكی دەكرد. چاوی لە ڕەشەوە دەهات. بەرپێی خۆی نەدەی. ترس لە مەرگ هەموو لەشی داگرتبوو. بە زەحمەت هەناسەی بە كونە تفینگی دا دەهات. جاروبار هەڵدەتروشكا كروشمەی دەكرد. سەری وەبەر خۆی دەناو هەزاران خەیاڵ لە مێشكی دا سڕ دەبوون. خەوە نووچكەیەك هێرشی دەبردێ و نەرمنەرم وەنەوزی دەدا. زۆری نەدەخایاند كە گەردالە بەفری بەدەم باوە كەڵەكەی لەسەردەكرد. هەڵدەترووشكا. زۆری نەدەخایاند كە لاقە كەسیرە بووەكانی دەتەزین. هاڵاوی گەرمی بەر لوت و دمی بە بەر سمێڵیەوە دەبوو بە سەهۆڵ و وەكو زەنگوڵە پێیدا شۆردەبووە. مژۆڵی چاوەرەشەكانی لە ژێر قورسایی بەفری سەر پیلوەكانی بەزەحمەت سەروخوواریان دەكرد. ڕەشكێنەی خەوتێشكاوی چاوەكانی كاڵ ببوونەوە. گژەگژی با و هاژەی كرێوە گوێێەكانی كپ كردبوون . قامكی دەستی لە گۆ كەوتبوون و پەنجەی پێی قۆناخێكی سەرما بردوویی تێپەر كردبوو. خەریك بوو وردە وردە لە هۆشەوە دەچوو. تفەنگەكەی لەسەر پێ بوو. تەنیا سێ گوللەی لە بەردابوو. لەو سێ ڕۆژ و دوو شەوەدا تەقەی پێكرد بوو. كەس بە دەنگی تەقەی تفەنگەكەیەوە نەهاتبوو.

ئەو دەشتە نەگبەتییە بە مردووواوێ ناوبانگی دەركردووە. ساڵ نەبووە چەند ڕێبواری بە هیلاك نەبردبێ. ڕێبوارێك كە لە نێوەرێدا تووشی كرێوە بووایە لێی رزگار نەدەبوو. خەریبە ئێستری كاروانچی و خاوەنەكانیان لە بارناندا بە دەوری خۆیاندا دەخولانەوە.

قامكی سڕی خاڵند پەلەپیتكەی تفەنگەكەی ترازاند. وەنەوزە خەو هەڵەی پێكردبوو. لە خەوی بەرەو چۆڵگەی نەمان كە پێیدا شۆر ببۆوە بە پەلە پرووزە گەڕاندبوویەوە. تەقەیەك كرا بوو. وایزانی بە هاواریەوە هاتوون. بە زەحمەت هەستایە سەر پێ. دەستی بە برۆ ڕەشە سەهۆڵ بەستووەكانی داهێنا. چاوەكانی كە تا قووڵایی قاپێلكەیان لە خەودا مەیبوون بە پشتی دەست هەڵگڵۆفین. سەر كڵاوە مەرەزەكەی برووكەیەك بە پشت داخست، گوڵینگەكانی راوەشاندن و بەفری كەڵەكەكردووی سەر كڵاوەكەی داتەكاند. هێزێكی هاتبۆوە بەر. لاقە سڕەكانی كەوتنەوە بزووتن. خەونی تەقە و بە هاوارەوەهاتنی لێ وەراست گەڕا بوو. دەخۆی نووسا و پڕ بە گەرووی هاواری كرد: ئەوەتام ... هۆی لێێێێێرەم، لێرە، لێێێێێێێرەم، هۆۆی ، فریام كەون.

هێزی دەنگ، هۆگانە جووتێك زیاتر بڕی نەكرد و بە شەكەتی لێی كەوت. هەوڵی دا جارێكی دیكە دەنگی لێ هەڵبڕێ. نەیتوانی. نیوە نووزەیەك بە نێوان لێوی سڕیدا سیرەی كرد و ئەویش كپ بوو. بارنە بەفر تا نێو قەدی لە خۆیدا شاردبۆوە. توانای بەربەرەكانی لەگەڵ هێزی سروشت نەما. ئەو بەتەنیا و هەموو هێزی سروشت دژی ئەو وێكرا بۆ بەربەرەكانی دژی كەوتبوونە كار. ترسی مەرگ كە ڕەوی بوو ، هەمیسان گەڕایەوە.

بۆ كورتە دەمێك باو بۆران لە گڤە گڤ كەوت. رووحی دەشت وەكوو گورگی برسی دەیلووراند. خەیالێكی تەزیو بە مێشكیداتێپەری. ها! خاڵند ! كارت تەواوە. لە پەل ۆ پۆ كەوتی. دەمەو روو وەكو دارێك لە ناوقەدەوە رووخا. تەزووی بەفر هەستی خەواڵووی بزواند. بۆ چركەیەك ڕاچەنی. خەیاڵێكی سەرما بردوو كزەڵۆكە وشەیەكی خستە سەر زاری قفڵكراوی. خۆ بكوژم؟ ها؟ بۆ بە سەرما ڕەق هەڵێم؟ بۆ گەرمە دڵۆپێكی خوێنم تامی لەشی خاك نەچێژێ؟ مەرگ ، گەرانەوە بەرەو ژیان! دەستی سڕی بۆ گرتنی تفەنگ كەوتە بزووتن. باڵای روخاوی خستەوە سەر لاقە تەزیوەكانی. داهاتەوە . هەڵترووشكا. لوولەی تفەنگەكەی نایە ژێر چەنەگەی. پیلووی چاوەكانی بەسەر یەكدا گووشین. دووساڵی پێشمەرگایەتی هاتەوە بیر. چوونە سەر پایگا و گەمارۆدانی داگیركەر. بریندار بوون و چاك بوونەوەی. بەشداریی كردن لە تێكشكاندنی گوردانی هەوا بوردی دوژمن. شیلانی دەزگیرانی كە دووساڵ لەمەو بەر بۆ یان دیاری كردبوو. مام جوامێری باوكی و خاتو رێحانی دایكی كە ئاخر جار لە گوندی گرژاڵ چاوی پێیان كەوتبوو. ساڵ و نیوێك لەمەو بەر بوو. پەنجەی بۆ گوشینی پەلەپیتكەی تفەنگەكە درێژكرد. دەستی كێشایەوە. نا، كەللەی سەرم هەڵدەگرێ. پرژ و بڵاوی دەكا. نامناسنەوە. بێسەر و شوێن و بێ ناوونیشان تێدا دەچم. شیلان باوەر ناكا كە نەماوم. بەڵام بۆ بمناسنەوە؟ بۆ دایك و باب و شیلان بزانن كە نەماوم؟ نا خۆ نیشانەی دیكە بە لەشمەوە دیارن. خاڵی گەورەی لای راستی ملم. جێی گوللەی لاڕانی چەپم. هەموو خەلكی گوندی دۆڵەتوو تەرمەكەم دەناسنەوە. كەللەم بپرژێ، تیشكی خۆر لێی بدا بە رۆژێك بۆن دەكا. داعبا نایهێڵێ. جروجانەوەر ، ئێسكەكەشم دەكرووسێننەوە. بێسەر و شوێن دەچم. وەكوو بەردێك لە گۆمی باوێن. بۆ نەخەوم؟ خەوم لێبكەوێ هەڵناستمەوە. سەرما ڕەقم دەكا. هەر ئێستا لاقەكانم مردوون. نابزوێن.

تینیان تێدا نەماوە. لەسەرەمەرگدا مرۆڤ لە پێشدا لاقەکانی دەمرن. خوێن نایانگاتێ. ئاها لە پشتوێن بەرەژێرم لە کار کەوتووە. دەستەوانەکانم ...

دەبوو هەر دەرۆژ بمێنمەوە. تۆ بڵێی سەرلکەکەم ، فەقێ رەسوو بەدوامدا نەنێرێ؟ ئەگەر نەمناسنەوە، بێ سەر و شوێن بچم شوورەیی‌یە ، لە لکەکەم دا بە بەزیوم دادەنێن. لەوانەیە بڵێن ترساوە، سەرێ خۆی هەڵگرتووە و رووی لە هەندەران کردووە. ئاخ مەرگ ! هەرگیز شێوەی هاتنت دیاری ناکەی. بۆ ئەم هەموو ماوەیە خۆت لێ بواردم؟ چەند بێ بەزەی ! بۆ بە نامرادیی؟ ئەی دەسگیرانەکەم ؟ باوکم؟ دایکم ؟ هاڤاڵانم؟ باوکم بە ئاواتەوە بوو بەو بەرگەوە بمبینێ. کوڕە پێشمەرگەکەی، پیری دڵ بەدنیا خۆش. جاری پێشوو هەوڵیدا بەسەرهاتی ئەو دووساڵەی بۆ باس بکەم. ماوە نەبوو. ئەی دایکم ، ئەو هەناسە سارده، من دەبم با باری خەم بۆ ئەو دڵە کەیلی خەمەی. شیلان ، دایکم، باخەڵی تەژی لە هیوایان...

بۆران هەڵیکردەوە، تاریکایی دادەهات. خاڵند جار و بار وەنەوزی دەدا ، لە هۆشەوە دەچوو، زۆری نەخایاند دەمەورووبەسەر گەردالە بەفرەکەی بەردەمیدا رووخا.

رندوەبەفری نێو دۆڵەکە هەرەسی هێنا. وەکوو ئەرد هەژابێ هەموو ئەو دۆڵە جمی. لە نووچکەی شاخەوە هەرەس وەرێکەوت. ئەوەی لەو دۆڵەدا بوو داخزانی لەبەر بوو. گاشەبەرد، تەلەبەرد، دار و دەوەن، چ شتێك نەما خۆی لەبەر دارمانی ئەو رندووەبەفرە رابگرێ. بە رووخانی رندووی نێو دۆڵەکە رندووی دۆڵ و دەرە پچووکەکانی دیکەش وەرێکەوتن و تا قووڵایی شیوەکەی بەرماڵی گوندی دۆڵە توو داخزین. خاڵندیش لەو دۆڵەدا بوو کە رندووەکەی هەرەسی هێنا. رندوو ڕایدا و تا قووڵایی دۆڵەکە رکێشی کرد. ئەو رکێش کردنە خاڵندی لە خەو راچڵەکاند. وەکوو بانگیان کردبێ گوێی دەزرینگایەوە. دەنگی شیلانی لە گوێدا بوو. لەدوورەوە، هاوارێك دەهات، بانگیان دەکرد: خاڵند! خاڵند! ڕابە ! نەنووی! نەنووی ! بنووی دەرۆی و ناگەرێیەوە. وەکوو شێتان ویستی خۆی ڕاپسکێنێ، هەستایە سەرپێ. هەنگاوێك و دووان ، لاتراسکەی بەست و دەمەو روو بە سەر رندووە بەفرەکەدا کەوتەوە. خوڕەی ئاوی دەکەوتە بەر گوێ. چەند هەنگاو ئەولاتر ئەشکەوتە گەورەکە زاری داپچرییبوو دوو ئاشگێر ئاوی پێدا دەهات. خاڵند وشیار ببۆوە. هەستی خەبەری دابوویە کە ئەوە ئەشکەوتەکەی پشت ماڵانە .. لەبەر خۆیەوە کوتی : چۆن؟ ئەگەر وابێ لەبەرماڵانم. گەیشتوومێ. هاوار بکەم هەموو خەڵکی گوندەکە دەیبیسن. ها ئەوەندەم نەماوە. رزگارم بووە یان خەون دەبینم؟ لەسەر سگ داخزی و خۆی بۆ نێو ئاوەکە شۆر کردەوە. باوەڕی نەدەکرد. ئەێ خەونە ، نا خەون نییە. خوڕەی کانیاوەکەیە. من زیندووم. با خۆمی پێدادەم . بەو روبارەدا. تا کانی ژنانم دەبا . لەوێ دەگیرسێمەوە. هەوڵی دا هەستێتە سەرپێ. دە هەنگاوە رێی ما بوو تا بگاتە خوڕێنی رووبارەکە. تەکانی لێبرا. هێزی لە لەشی دا نەما بوو. لە پێ کەوتبوو. بە زگەخشکە تا لێواری ئاوی نێو گۆلەکە خۆی رکێش کرد. هەر تەکانێکی دیکەی پێویست بوو، خۆی بە خوڕێنی رووبارەکەدادا. دەی هەر هەنگاوێکی دیکە، دووهەنگاو... هێزی هەر ئەوەندە بوو کە خۆی تا ئاوەکە رکێش بکا. دەستی گەیشتە لێواری گۆلاوەکە، پڕیشکی ئاوی ئەشکەوتەکە وەدم و چاوی کەوت. دەستی خستە نێو ئاوەکەوە. ها؟ بەڵێ ماوم . تەکانێکی دیکەی پێویست بوو خۆی بخاتە ئاوەکەوە و بەرە خوڕێنەکە بکشێ، توانای تەوا ببوو لەو بەفرە خۆو بۆ دەرنەدەکێشرا.

لەو بەری کانیاوەکە ئیشکەڵەدارێك بە گوشاری رندوویەك قەڵەشتی برد و رووخا. خرمە و قەڵەشت بردنی ئەو ئیشکەڵە داربەرووە لەو دۆڵ و دەرەیە دەنگی دایەوە. بەشێك لەو رندووەی کە بەرەو کانیاوەکە دەهات بەسەر خاڵند کشا. خاڵندی بێ هێز بەتەواوی تەکانی لێ براو لە جێی خۆی چەقی. سەرکڵاوەکەی خاڵند کە لە سەری پەڕی بوو کەوتبووە نێو ئاوەکە و بە ئارامی دەسووڕا. شەپۆلێك کە تێرژانی بەشێك لە رندووەبەفر لەو گۆلاوە دا وەرێیخستبوو کلاوەکەی بەرەو رووبارەکە وەرێخست.

بەیانی شەبەقیدا بوو کە شیلان بەرەو کانی ژنان وەرێکەوت. قوڵکەئاوان بەستبوویان و شووشەسەهۆڵی ناسکی بن پێی شیلان دەچرژان، خرمەیان دەکرد. شیلان بەدەم روبارەکەدا بەرەو کانی هەڵدەکشا.

گڵۆڵە مەرەزێکی ڕەنگ شینکی بە لاسکی پنچکێکەوە گیرسا بۆوە. جاروبار شەپۆلێکی ماندوو خۆی لێ دەخشاند و برووکەیەك دەیبزواند. شیلان سەرنجی پەریە سەری و لێی نزیك بووەوە. لەبەر خۆیەوە کوتی : ها ! دەڵێی سەرکڵاوەیە، گوڵینگیشی پێوەیە. لێی نزیك بۆوە و دەستی بۆ درێژ کرد، لە ئاوەکەی دەر هێنا. بە وردی تێی ڕاما .لەبەر خۆیەوە کوتی: ها ئەوە دەسچنی خۆمە. ئەوە هەر ئەوەیە کە بۆ خاڵندم چنیبوو. بەڵێ خۆیەتی. ئەوەش گوڵینگەکانییەتی. دوومانگی پێوەبووم تا بۆم تەواو کرد. ئەی باشە بۆ لێرەیە ،؟ بۆ لەو ئاوەدایە؟ بڵێی هاتبێتەوە و بە منیان نەکوتبێ؟. یان خاڵند منی لە بیر کردووە؟ منی وەلا ناوە؟ چ سوڕێك لەوەدایە؟ نەکا

دایکی... خاڵندی لە من شاردبێتەوە. شیلان بە پەلە دۆلکەکەی دانا و بە هەڵەداوان بەرەو ماڵی دایە رێحان ڕای کرد.

مام جوامێر خەونی دیتبوو. خاتو رێحانی ژنی لەخەو هەستاند بوو. خەونی شەوی رابردووی بۆ گێڕا بۆوە. لە خەونیدا خاڵند هاتبۆوە، باوەشی بە باوکی داگرتبوو. یەکتریان لە ئامێز گرتبوو. ئەویش خەریکی پێکهێنانی کاروباری زەماوەند و گواستنەوەی شیلان بۆوە. چوارشەوو چوار رۆژ داوەتی بۆ گرتووە. هێشتا مام جوامێر لە قسەکانی تەواو نەبیبوو کە شیلان بە لەز دەرگای ژوورەکەی کردەوە خۆی پێداکرد.

شیلان بەهەناسەبرکێ و بەدەنگی بەرز بانگی خاتو رێحانی کرد و گوتی: ئامۆژن گیان بۆ پێت نەگوتوم خاڵند هاتووەتەوە؟ ئەوەتا کڵاوەکەی. بۆ بەمنتان نەگوتووە. ئەوە سەرکڵاوەکەی خۆیەتی کە من بۆم چنیبوو. ئەوەم لە جۆگەی بەرکانییەکەی ماڵاندا دیوەتەوە. بە پنچکێکەوە گیرسابۆوە. پێم بڵێن ئێستا لە کوێیە؟

مام جوامێر پەشۆکا. بە پەلە دەستی دایە گۆچان و کەوشەکانی لە پێ کردن. بە پەلەپروزە لە ماڵێ وەدەر کەوت. خاتو رێحان و شیلان دوابەدوای مام جوامێر لە ژوورەکە وەدەرکەوتن.

مام جوامێر لەبەردا دەرویشت و لەسەرخۆ لە روبارو دەوروبەری دەڕوانی، دایکی خاڵند دۆعای دەکرد و لە بەر خوا دەپارایەوە. شیلان وەکو سەرخۆشان قسەی هاتەران پاتەرانی دەکرد. ئەشکەوتەکەی بەرماڵان لە ئاوەدانییەوە دوور نەبوو. قەننەکێشێکی نەخایاند تا لە هەورازەکە وەسەرکەوتن.

مام جوامێر هەر خەوەکەی شەوی رابردووی دەمێشکیدا وەرد دەدایەوە. لە بەفری سپی دەروانی کە هەموو لای داگرتبوو. بەو شوینەدا نە سەڵتە ونە کاروانێك تێپەریبوو. تەنانەت شوێنی گورگ و رێویش لەو دۆڵ و دەرەیە نەدەدیترا.

مام جوامێر بەر لە یای رێحان گەیشتە گۆلاوی بەر ئەشکەوتەکە. چاوێکی بەدەور و بەردا خشاند. شوینەواری زیندەوەری لێ نەبوو.

ترسێکی نەدیار لە چاوی ئەو دوو ژنەدا هەڵکورما.

هەرسێ کەسەکە لە پەنا گۆلاوەکە راوەستان و لە دەور و بەریان روانی. بەفرێکی کەڵەکە کردوو بە لێواری گۆلاوەکەوە زەق ببۆوە.

بستە بزگورێکی سەهۆڵ بەستوو لە دوورەوە رەشی دەکردەوە. ئەوە بزگورە سووچی باڵتۆیەك بوو کە بەفری داپەستێوراوی رندووە بەفری بەسەر کشا بوو.

هەر سێك لەو شوێنە رامان. مام جوامێر لەبەردا کەوتە لێوەلەرە. بە ئاسپایی سووچی باڵتۆکەی لەبن رندووەبەفر دەرکێشا. دم و چاوی شین هەڵگەراو و خاڵی لا ملی ناسیبۆوە. خاڵند ، کاکی برا ! شیلانم بۆ هێناوی!

زەردەخەنەیەك بە رومای خاڵندەوە کاڵ ببۆوە.

لەو رۆژەوە مام جوامێر هەموو رۆژی لە تاپۆ و بوومەلێلی بەیانانیدا بە رەوروی ئەشکەوتەکە قەننەکێشێك رادەوەستێ. سوژدە دەباتە بەر کانیاوەکە لەبەر خۆیەوە بانگ دەکا : هۆی کاکی برا ئەمانەتێکم لای تۆ بوو سوپاسوێژتم...

خورەتاو کە پرچی زێرینی لە سەر شاخان بە شانەکرد، مام جوامێر بەرەو ماڵ دەگەرێتەوە.

ح. ئەیوب زادە
10.08.94